دعاءالصائم عند فطره

دوعای ڕۆژووان لە کاتی ڕۆژوو

شکاندنیدا

اللغة الكردية – زمانی کوردی

شيخ هيثم سرحان – شەیخ هەیسەم سەرحان

مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوە ڕێگەپێدراوە بۆ هەموو موسڵمان

http://sarhaan.com http://MAHADSUNNAH.COM

دوعای رۆژووان لە کاتی رۆژوو شکاندنیدا

پرسیار : رۆژووان بە چی دوعایەك دوعا دەکات لە کاتی رۆژوو شکاندندا ؟

وەڵام : دوعاکردن لە پاش پەرستشەکان ئەصڵ و بنەمای لە شەرعدا هەیە وەکو دوعاکردن لە پاش نوێژەکان و دوعاکردن لە پاش مەناسیکەکانی حەج ، وە رۆژوویش لەو دوعاکردنە بەدەر نییە إن شاء الله ، خوای گەورە باسی ئایەتی دوعای کردووە و هانی داوین لە نێو ئایەتەکانی رۆژوودا ، خوای گەورە فەروویەتی : ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴿١٨٦﴾ ﴾ البقرة: ١٨٦) واتە : ئەی محمد ﷺ ئەگەر بەندەکانی من پرسیاری منیان لێت کرد ئەوە من لێیانەوە نزیکم , هەر کەسێك لە من بپارێتەوە ئەوا وەڵامی ئەدەمەوە , بەڵام بەو مەرجەی ئەوانیش با لە من بپارێنەوە، یان وەڵامی بانگەوازی من بدەنەوە،وە با ئیمانم پێ بێنن بەڵکو خوای گەورە بیانخاتە سەر ڕێگای ڕاست و هیدایەتیان بدات)

ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر گرنگی دوعا لەم مانگە پیرۆزەدا ، بەڵام دوعای کەسی رۆژووان لە کاتی رۆژوو شکاندنیدا ئەوا سوننەتە بڵێت : (ذَهبَ الظَّمأُ، وابتلَّت العروقُ وثَبَتَ الأجرُ إنْ شاء الله) واتە : تینوێتی و رۆیشت و دەمارەکان رەوینەوە و پاداشتەکەمان جێگیر و مسەوگەر بوون بە ویستی خوای گەورە))

بەڵام ئەو دوعایەی کە لە ناو خەڵکیدا بەناوبانگە : (اللهم لك صمت وعلى رزقك أفطرت) ئەبو داوود لە سونەنەکیدا ریوایەتی کردووە بەڵام فەرموودەیەکی (مرسل)ـە کەواتە (ضعیف)ـە ، والله أعلم .